# لەنامەکەیدا داوای ئەوە دەکات نزای خێر بۆ بکەن، وسوێندی ئەو کەسەش دەدات کە نامەکەی بۆ ناردووە کە بینێرێتەوە بۆ کەسانی تر

[ کردي – کوردی – kurdish ]

## شێخ موحەمەد ساڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز


2014 - 1436

IslamHouse.com

# تطلب في رسالتها الدعاء وتقسم على المرسل إليها إعادة إرسالها

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# لەنامەکەیدا داوای ئەوە دەکات نزای خێر بۆ بکەن وسوێندی ئەو کەسەش دەدات کە نامەکەی بۆ ناردووە کە بینێرێتەوە بۆ کەسانی تر

ئـەم پـرسیـاره ئاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : نامەیەکم لە خوشکێکی موسڵمانەوە کە لە لەندەن دادەنیشێت بۆ هات، لە نامەکەیدا داوام لێ دەکات کە منیش جارێکی تر ئەو نامەیە بنێرمەوە بۆ تەواوی ئەو کەسانەی کە لای من ناویان هەیە، و دەڵێت : ئەمە ئەمانەت بێت لە گەردنتا لە ڕۆژی دواییدا، لەو نامەیەدا داوای ئەوەی لێکردووم، کە نزای شیفا وچاکبوونەوەی خێرای بۆ پیاوەکەی بکەم کە تووشی نەخۆشیەکی مەترسیدار بووە، ئەمەش دەقی نامەکەیەتی : ( سوێندت دەدەم بەخوا کە ئەم نامەیە پاش خوێندنەوەی دانەخەیت، تا نەینێریتەوە بۆ تەواوی هاوڕێکانت، و نزای شیفا

وچاکبوونەوە بۆ پیاوەکەم بکەن، ئەوەت لەبیر نەچێت کە ڕۆژێك دێت تۆیش پێویستیت بە نزای خێر ببێت .... پرسیارەکەی من ئەمەیە : ئایا دروستە ئەم جۆرە نامانە بنێریت بۆ خەڵکی ؟ من نامەوێت ئەم نامەیە بنێرمەوە بۆ خەڵکی ئەگەر بزانم کە دروست نییە ناردنەوەی ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

یەکەم : نزای خێر کردن بۆ نەخۆش کارێکی موباح وڕێگا پێدراوە، بۆ ئەم جۆرە کارانەیش دروستە سوێندی خەڵکی بدەیت کە نزای خێر بۆ نەخۆشێك بکەن، ئەویش بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتە :

عَنِ الْبَرَاءِ بن عازب رضى الله عنه قَالَ : " أَمَرَنَا النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم بِسَبْعٍ ، وَنَهَانَا عَنْ سَبْعٍ : أَمَرَنَا بِاتِّبَاعِ الْجَنَائِزِ ، وَعِيَادَةِ الْمَرِيضِ ، وَإِجَابَةِ الدَّاعِي

، وَنَصْرِ الْمَظْلُومِ ، وَإِبْرَارِ الْقَسَمِ ... ) [رواه البخاري ( ١٢٣٩ ) ، ومسلم ( ٢٠٦٦ ) ].

واتا : بەڕائی کوڕی عازب (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی پێکردین بە حەوت شت، و ڕێگریشی لێ کردین لە حەوت شت : فەرمانی پێکردین بە شوێن کەوتنی تەرمی مردووان، وسەردانی کردنی نەخۆش، ووەڵامدانەوەی ئەو کەسەی بانگهێشتت دەکات بۆ کارێك، وسەرخستنی کەسی ستەم لێکراو، بەجێهێنانی کاری ئەو کەسەی کە سوێندت دەدات .

ئیمامی نەوەوی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : " وأما إبرار القسم فهو سنة أيضا مستحبة متأكدة وإنما يندب إليه إذا لم يكن فيه مفسدة أو خوف ضرر أو نحو ذلك ... " [ شرح صحيح مسلم ( ١٤ / ٣٢ ) ] .

واتا : بەجێهێنانی کاری ئەو کەسەی کە سوێندت دەدات کارێکی سوننەتە وتەئکیدی لێکراوەتەوە، کارییێکی باشە ئەگەر هاتوو

خراپەی لێ نەکەوتەوە، یان ترسی ئەوەی لێ بکرێت زیان و هاوشێوەکانی لێ پەیدا ببێت.

ئەگەر هاتوو ئەمە پەیوەندی بەخۆتەوە هەبوو، کە نزای خێر و شیفا بۆ پیاوەکەی بکەیت، -واتا: دروستە کە سوێندت بدات نزای شیفا و چاك بوونەوە بۆ پیاوەکەی بکەیت - .

بەڵام بەنسبەت ناردنەوەی ئەو نامەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ژمارەیان لای تۆیە، ئێمە ئەوە بەکارێکی دروست نازانین، چونکە زۆرکردنە لەخەڵکی ونارەحەت کردنیانە بەبێ هیچ بەڵگەیەکی شەرعی، کە دروست نییە ئەرکێك بدەیت بەسەر کەسانێکی تردا بەبێ ئەوەی مافێکیت بەسەریانەوە هەبێت، یان سوێندیان بدەیت کە ئەوانیش هەمان کار بکەنەوە.

بەڵام ئەگەر هاتوو زانیت هەندێك لەو کەسانەی کە ژمارەیان لای تۆ هەیە ئەوانی وەك تۆ مەبەستیانە ئەو نەخۆشە خوای گەورە شیفای بۆ بنێرێت، یان وەك تۆ پێیان خۆشە ئەو نەخۆشە چاك

بێتەوە، ئەوە گرفت نییە و دەتوانیت ئەو نامەیان بۆ بنێریتەوە، بەڵام سوێند دانیان و ووتنی ئەوەی کە ئەو نامەیە ئەمانەت بێت لە گەردنیاندا لە ڕۆژی دواییدا، هیچ کاریگەری وئەثەرێکی نییە، و ناتوانێت تۆ و کەسانی تریش پابەند و مولزەم بکات بە ناردنەوەی، چونکە لە بابەتی سوێند و ئەماناتدا هیچ شتێك واجب نییە لەسەر مرۆڤ جگە لەوە نەبێت کە مرۆڤ لەسەری خۆی واجب بکات، یان خۆی پابەند بکات پێوەی – وەك ئەوەی کەسێك بڵێت سوێند بێت بەخوا فڵان کار بکەم، یان ئەی خوایە ئەنجامدانی فڵان کار لەسەرم واجب بێت - .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ..